# نامەی کوڕێک بۆ دایکێکی بریندار قوربانیی ناموسپەرستی

ئا/ نەزەند بەگی

لە ڕۆژێکی ووشك و ساردی زستاندا، ژنێك بە پیلانی مێرد و پیاوانی ناو عەشیرەت لە لایەن برایەکیەوە شەش گوللەی پێوە دەنرێت، بەلام خۆشحالانە ئەجەلی نایەت و نامرێت. ئەمە پیلانێك بوو لە پیلانە ڕە شەکانی ناسراو بە ناموسپەرەستی. دوای گوللە بارانکردنەکەی، چەند مرۆڤپەروەرێك بە هانای ئەو ژنەوە دێن و دەیگەیەننە نەخۆشخانە و ڕزگاری دەکەن.

سەر گوزەشتەی ئەو ژنە لەو کاتەوە پڕیەتی لە تەنگاوو ڕووداوو ساتی تەزیوو و مەرگئامێز .

ئەوەی کە لەو ساتانە بە دەنگی ئەو ژنە تەنها و بریندارەوە دێت، جگە لەهەندێك ژنی کارا و چالاکی کوردستان، لە سەرووی هەموویانەوە ڕووناك رەئوفی سەرۆکی سێنتەری راگەیاندن و ڕووناکبیریی ژنان، خۆشەویستی و هیوای کۆرپەکانیەتی کە لە ڕێگای نامەکانیانەوە هیوای دوا ڕۆژێکی ڕۆشنتر بە دایکیان دەدەن.

ئەو ژنە ناوی بەیان بوو دانیشتووی یەکێ لە گەڕەکە لانەوازەکانی شاری کۆیە بوو ، بەیان ژنێکی باریکەلەی ناسك و میهرە بان بوو دایکی سێ منداڵ بوو.

لە تەمەنی منداڵیەوە وەکو کالا لە نێوان باوك و ئامۆزایەکی ئاڵوگۆڕی پێدەکرێ، سەرە ڕای ئەوەی بواری خوێندن و ئاسودەیی پێنەدراوە، کەچی ژنێکی تێگەیشتوو و باوەڕبەخۆیە و ئێستا لە یەکێ لە وولاتە ئەوروپیەکان بووە بە کەپری هەرسێ منداڵەکەی و بۆ ئەوان دەژی.

منداڵەکانی بەیان تا گەیشتنەوە یان بە دایکیان کە ماوەی پێنج ساڵی خایاند، هەرسێکیان لەلای باو کیان بون و بوارو مافی بینینی دایکیان نە بوو بەلام لەڕێگای خوشکێکی بەیانەوە هەواڵی دایکیان پێدەگات و دەزانن دایکیان زیندوە و نەمردوە. هەر لەڕێگای ئەویشەوە نامە بۆ دایکیان دەنێرن.

لێرەدا یەکێ لە و نامانە بلاو دەکەینەوە کە بەیاد کوڕە گەورەکەی بەیان کەئەوساتەمەنی یانزەسالان بووە، بەشەیدای و بەرائەت و هەستێکی پڕ خۆشەویستیانەوە لە شێوەی پارچە شعرێك بۆ دایکی نوسیوە. نامەکە گوزارە لە پەیوەندی بەتینی نێوان کوڕو دایکێك دەکات . گوزارە لە ئومێدی منداڵێك دەکات کەدڵی دایکی دەداتەوە و دووعای بۆدەکات دلگیرو غەم گین نەبێ و

(لەسەر لێوانی ون نەبێ خەندە) .

ئەو پارچەشعرە ئەگەر لە بارو دۆخێکی دیکە بنوسرابا لەوانەیە بارگەیەکی پڕواتای هەڵنە گرتبایە کەشایەنی بلاو کردنەوە بێت لە ڕۆژنامە یەکی ژناندا ئەو نتمەیە قسە بەنا و بانگەکەی سیمۆن دوبۆڤوار مان بیر دەخاتەوە کە دەڵێ پیاو دەستکردی کۆمەڵگایە واتە منداڵ ، چ کچ و چ کوڕ وەکو یەك لە دایك دەبن و وەکو دوو مرۆڤ یەکسانن ، ئەوەی کەکوڕ لە سروشتی مرۆڤایەتی دادەبڕێنێ دەیکا بەپیاوسالار کۆمەڵگەو دەوروبەرن . بەیاد لێرەدا بەئاگایە بەرامبەر بەو ناحەقی و تاوانانەی کە لەدایکی کراوە و دەکرێ ، بەڵام نایەوێت دەستەمۆی ئەو دەسەڵاتە زاڵەی پیلان و کوشتن بێت. ئەو دایك لەسەروی هەموی کەسو ئایدیاو بۆ چونێك دەبینێت ، ئەگەر چی دەوروبەر ویستویانە مێشکی بەیاد و منداڵەکانی دیکە بشۆنەوە وێنەی دایکیان لە ناو دا بزرێنن ، بەڵام ئەو منداڵانە تایبەت مەندی ڕاو خۆشەویستی خۆیان بۆدایکیان لە ناو دڵ هەڵگرتوە و بەدزیەوە پەیامی خۆیان بەدایکیان گەیاندوە پەیامێك کە هەموو دایکێك پێی خۆشە لەجگەر گۆشەکەیەوە ببیستێ، بەتایبەتی لە بارو دۆخی تایبەتی بەیان و لەمەنفا (مەبەست مەنفای کۆمەڵایەتی و سیاسیە نەك جوگرافی) و لەناو ئازار و مەینەتیەکی فراوان بەیان نەك هەر پێویستی بەو پەیامە هەیە بەڵکو ئەو پەیامە زیندوتر ڕای دەگرێت و ورەی پێ دەبەخشێت بۆ هەنگاونان بەرە و دوارۆژێکی ڕۆشنتر کە کوڕو براو باوکو مێردەکان بەجۆرێکی دیکە بڕواننە ژن ژنیش لە پەروەردەکردنی ئەو منداڵە کوڕانەی کەتەناە لە باوەشی دایکیدا دڵنیاو جوانن وشیاربێت تاکوڕەکان پیرۆزی منداڵیان نەدۆڕێنن لە پێناو بوونیان بە پیاو، بەپیاوسالار کە بەیاد لە کۆتایی شیعرەکەدا ئومێدی مردنی دەخوازێ و گەورەیی و پاکیی دەسەلمێنێ.



بەیاد لەودیوی دیوارە روخاوەکەوە دەیەوێ دایکی ببینێ

نامەکەی بەیاد بۆدایکی :
ئەو پارچە شیعرە پێشکەش بەدایکی خۆشەویستم بەیان :

بۆ ئەو کەسەی دڵم
لای بەندە
لە سەر لێوانی ون
نەبێ خەندە
گەر تۆ نەبی هانای
دڵم بۆ کێ بەرم
گەر تۆ نەبی لەژیاندا
دەربەدەرم
گەر لەبیرت کەم
بیری مەرگم بێت
خاکەکەی کۆیە بە
ئاوە گلم بێ
ڕێگاکەی مافی
مرۆڤ بەچاو دەکێڵم
بەیانی تیایە بەجێی
ناهێڵم
ئاوی سازگار
سەهۆڵی ناوێ
بمرێ ئەو کەسەی
بەیانی خۆشناوێ

ئیمزا: بەیاد

بەیان نەك هەر نەمردوو لەمەترسی ڕزگاری بوو ئێستاش بوتە کەپری منداڵەکانی لە هەمان کات وەکو ژنێکی چالا کو باوەڕ بەخۆ و بەتوانا تائێستا لەچەند کۆنفرانسێکی نێو دەوڵتی تایبەت بەمافیژن و مەسەلەی ناموسپەرە ستییەوە بە ژداری کردوە لەو بەژداری کردنانەی بە یان بۆتە شوێنی سەرەنجی تەواوی ئامادە بوانی ئەو کۆنفرانسانە و جێگای شانازی بۆژنی کورد لە یەکێ لەو کۆنفرانسانە کەلەلایەن حکومەتی سویدیەوە ئامادەکرابوو وەزیری کاروباری دیموکراتی و ئینتیگرا سیۆن بەتایبەت هاتەلای بەیان و تۆقەی لەگەڵ کردو وەکوشەرە فێك وێنەی لەگەڵگرت ئەمەش سەر کەوتنە نەك تەنهابۆ بەیان بەڵکو بۆ هەمووژنانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی لەم ڕێگایە خەبات دەکەن ڕووڕەشی و سەر شۆڕی بێشەرە فیش بۆئەو کەسانە دەمێنێتەوە کەمافەکانی ژن پێشێل دەکەن و بە بیان و ناموسپەرەستی ژن دەتۆقێنن و ژیان دەچڕێنن.

کۆتایی